# په پوله بەردباران ئەکرێ؟



ئاخۆ ڕۆژگار چی بەسەر هاتبێ؟ وا ناسکییەکان دەمرن و هەستەکان دەخنکێندرێن و پەپولەکان شەهید دەکرێن.....!!! چییە ئەم ڕۆژگارە بۆ وای بەسەر هاتووە؟ بۆ باڵی ڕەشی تاوان ئاسمانی ڕۆح و ناخی ئەم مرۆڤانەی داگیر کردووە؟ چییە خودایە؟ ئەمەش دیاردەی ئاخیر زەمانە؟ ئەی خودایە چۆن ڕێگات بەو پەنجانە دا ئەو بەردە ڕەقانە بە جەستەی ناسکی پەپولەیەکدا بکێشن؟ ئاخر چۆن؟ سەرم سوڕماوە، نازانم چی بنوسم، نازانم جۆن بدوێم، سەرم لێ شێواوە.....من سەر دەرناکەم لەم نەگریسییە، تێ ناگەم لەم ڕەشپۆشییەی دڵی مرۆڤ و لەم بێ ویژدانییە. ئاخر ئەی یەزدان، تۆ بەردت بۆ ڕەسخ کردنی شەیتان دروست کردووە؟ یان بۆ شەهید کردنی فریشتەکان؟ ئەی هاوار....بەم پرسیارانەوە ڕو لە کوێ کەم؟ چی لەم دیمەنە دڵتەزێنەی بەرچاوم کەم؟ هەر کە دییەکانم هەڵدێنم، بلوسە سورەکەی دەبینم کە وێنەی گوڵاڵە سورەیەکی سەر چیاکانی کوردستانی پێ بەخشی بو، پرچە ڕەشەکەی دێتە بەرچاوانم، کە بە خەمناکی شەوەزەنگ دەچوو، ئای دوعا گیان......ئێستا چۆن دوعا بکەم تا دوعاکانت گیرا بن؟ لەگەڵ ڕۆشتنت، لەگەڵ ئەم سەفەرەت، دوعاش واتای نەما، شەهید بونت دوعاکانایشی شەهید کرد.....چیت بۆ بنوسم گوڵاڵە سورەی ئەم بەهارە ڕەشە؟ چیت بۆ بنوسم؟ وشەش ئەمڕۆ زویر بووە، گریانی دێ، ڕازی نییە دەستی سەرۆ و دێڕەکانی ناخم بگرێ.

ئای دوعا گیان، ئەوا ئەمشەو لەگەڵ نوسینەوەی ئەم وشە بێزارانەدا، ئازارێکی ئاوها یەخەی گرتوم، کە بە وشە نادرکێندرێ، بە پەڕۆیەکی سوری خوێن ئاسات، توند توند ناوچەوانم بەستووە، زۆر ڕقم لەم ناوچەوانەم دەبێتەوە، چونکە منیش کچم، ناوچەوانی من و تۆ تەنها نەهامەتی لێ نوسراوە ئازیزەکەم، ناوچەوانی من و تۆ تەنها بۆ تفی بۆگەنی پیاو و شەیتان دانراوە،  وا ئەزانن جەستە ناسکەکەی ئێمە، بۆ بەردی دەستی خوێناوی ئەوان دروست کراوە...نەفرەت لەم ناوچەوانەمان ئەی پەپولە شەهیدەکەی ئەوین، بەخوا بڕوات هەبێت شاشەهیدی ناسکییەکان، لە ڕوم نایە ناوی عیشق بێنم، من هەر وتومە عیشق ژیانە، عیشق خۆشی و شادییەکانە، کەچی عیشق بوە شەهید بونی گوڵێکی وەک تۆ، من دڵنیام ئێستا عیشقیش شیوەنیەتی، بۆ تۆ دەگری.

ئای دوعا گیان...تۆ ئێستا هەر پەپولەیت، لەسەر دەستی فریشتەیەک سەما ئەکەی، ئەبیتە مانگەشەوی ئاسمانی ئەوین و بە ڕۆحی عاشقانا گوزەر ئەکەی....جوانی و ناسکی بۆ تۆ و نەمری بۆ تۆ و، ڕوڕەشیش بۆ وەحشەکانی سەر زەمین، سەرشۆڕی بۆ زوحاکەکانی بەهار.

سەفەرت خێر ، سەفەرت خێر ئەی  چرا شەهیدەکەی ئەوین، سەفەرت خێر، دڵنیابە گوڵم من و تۆی کیژ ئا لەم وڵاتە و لەم دونیا جەنگەڵ ئاسایە جێمان نابێتەوە، من و تۆ هەر لە سەرەتای ژیانمانەوە دەبێ چاوەڕوانی مەرگ بکەین و مەرگ بکەینە دەستگیرانمان....

هەنسکەکەم خۆ بۆ شێخی سەنعان ئاسایی بو، بۆ کچە گاورێ لە ئیسلام وەرەگەڕێ، ئەوا هەر پیاویشە ئێستا بە فەخرەوە شیعری بۆ دەڵێ، بەڵام بۆ من و تۆ نابێ، عیشقمان دەبێ مەرگی خۆمانی بەدوا بێ.

سەفەرت خێر ئازیزەکەم، تۆ هەنوک لەو دونیایەدای کە شایەنی خۆتە، تۆ ئێستا لە بەهەشتای، فریشتە دەتخەوێنی، تریفەی مانگ پرچت دادێنی، گزنگی خۆر بە نەرمە ماچ بە ئاگات دێنی.
هیچ خەم مەخۆ ئازیزی من، ڕۆژێ دادێ بەرد خۆی هار بێ و لە دەستە پیسەکانی ئەو نەفس نزمانە بێزار بێ و، تۆڵەی تۆیان لێ بسەنێ، دڵنیابە شاناسکی بەهار، پەنجە بۆ خۆی سڵ لە دەستیان ئەکاتەوە و یەک بە یەکیان خۆی لە قەدی ڕزیوی دەستیان ئەوەرێنێ.
مەترسە دەلالا من، هیچ کات بیر لە زەمین و ژین نەکەیتەوە، بۆ خۆت هەر بە ئاسمانی بەریندا بفڕە و لەگەڵ ئەستێرەدا گەمە بکە و تەنها بەرگی خەندە لەبەر خۆت کە.
ئای دوعا گیان، سڵاو لەو ڕۆحە پاک و بێ گەردەت، هەزار ڕەحمەت لەو جەستە ناسک و نێرگزییەت، هەزار سڵاو گوڵاڵە گیان هەزار سڵاو لەو دڵە پڕ عیشق و ترس و حەسرەتەت.
چیتر بنوسم؟ چیترت بۆ بنوسم دوعا گیان؟ هەرچی ئەکەم وشەکانی ناخم نایەنە گۆ و چاویان کردوە بە زریان...بۆ کوێ بڕۆم؟ ڕو لە کوێ کەم؟ پرسیارەکان خەریکە ڕۆح و دڵم لەت لەت دەکەن.
خۆ من ناشتوانم دوعا بکەم یەزدان مەرگ بنێرێتە بەر قاپی ڕۆحم، تازە دوعا سەفەری کرد هاوشانی مەرگت، بەڵام ئەبێت هەر لەو شوێنەیەی جەستەی تۆیان کردە پەیکەری مەرگ، پەیکەری عیشق دروست بکرێ، لە هەمو جیهان هەر باس بکرێ، ئەبێت ئەم کوشتنی دوعایە لە لایەن نەوەکانی داهاتوشمان ڕسوا بکرێ.
ئەمە چ سەدەیەکە؟ چ ڕۆژگارێکە؟ دە یەکێ بێت و وەڵامم بداتەوە، با کەسێ بێ و ڕۆحی من و هەزاران دوعا ژێر کاتەوە.....پێمان بڵێن چۆن فریشتە ڕەسخ ئەکرێ؟ چۆن حۆرییەک شەهید ئەکرێ؟ پێمان بڵێن، بە چ شەرعێ عیشق حەرام دەکرێ؟ چۆن پەپولە بەردباران دەکرێ؟ چۆن دوعایەک لە خوێن ئەپرژێندرێ؟ چۆن دوعایەک لە جەنگی عیشقێکی بێ وێنە، بە دەستی پیسی جەللاد شەهید دەکرێ؟؟؟؟

تێبینی: من وەک کچە کوردێک لە ناخی حەسرەتبارمەوە ئەم کارە نا مرۆڤایەتییە ڕسوا دەکەم و داوا لە دەستەڵاتداران ئەکەم کە لە ناوچەی بەعشیقە و لە شوێنی ئەو کارەساتە دڵتەزێنەدا پەیکەرێک بۆ دوعا خان دروست بکرێت بە ناوی پەیکەری دوعای عیشق.

کانی هەڵەبجەیی
هۆڵندا
Kani_awin@hotmail.com